**بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (٢٥)**
ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

## گومبەزی حەمامیان

ئەحمەداغای ئێلخانی کوڕێک و سێ کچی بووە. کوڕەکەی لە تەمەنی منداڵیدا مردووە. ئێلخانی لەو سەرتەپکەی بەرامبەر دێی حەمامیان ناشتوویە. گۆیا شەخسێکی زۆر مەبارەک و جێگای ڕێزی هەموو خەڵکی ناوچەکە قەبری لەو سەر تەپکە بووە. ئێلخانیش کوڕەکەی خۆی لە لای ئەو شەخسە ناشتووە. پاش ناشتنی کوڕەکەی و تەواو بوونی سەرەخۆشی ، سەیفەدین خانی سەردار حاکمی موکوریان و ژن برای ئێلخانی کارێکی لازمی لە ناوچەی کرماشان دەبێ، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ عەشایری کرماشان . ئەحمەداغای ئێلخانی دەنێرێتە ناوچەی کرماشان و لوڕستان. دەوزەمانەیدا سەفەری ئاوا دوور بە سواری ئەسپ زۆری پێچووە. ئێلخانی دەزانێ سەفەرەکەی توولانی دەبێ ، پێشتر رای سپاردووە لە تەورێزڕا میعمار بێ و لەو سەرتەپکە لە دەوری قەبری ئەو شەخسە و قاسمی کوڕی گومبەزێکی گەورە دروست کا . زۆری پێناچێ میعمار دێتە حەمامیان و پیاوەکانی ئێلخانی دەیبەنە سەر ئەو تەپکە و پێیدەڵێن ئەو قەبرە زیارەتگای خەڵکی ناوچەکەیە ، ئاگات لێ بێ تێک نەچێ و ئەو قەبرە چکۆڵەش لە نێو گومبەزەکەدابێ. کابرای میعمار هەر لە نێو دێ کوورەخانە دروست دەکا و خشتی سوور بەرهەم دێنن. کە دێتە سەر نەخشەکە وای دادەنێ قەبری شەخسەکە بکەوێتە ناوەندی گومبەزەکە ، پێی وابووە لێرەش وەک عەجەمستان ئەوە ئیمامزادەیە و ئەوگومبەزە لە سەر ئەو ئیمامزادەیە دروست دەکەن.



ئێلخانی کە دەگەڕێتەوە حەمامیان دەبینێ دیواری گومبەزەکە میترێک زیاتر بڵیند بووە ، دەچێتە تەماشای، چاو دەگێڕێ قەبری کوڕەکەی نابینێ. دەپرسێ قەبری قاسم کوا؟ میعمارەکە دەڵێ:

من پێموابوو گومبەزەکە بۆ ئەو ئیمامزادەیە دروست دەکەن ، ئەوەتا قەبری ئیمامزادە لە نێوەڕاستیدایە. ئەو منداڵەش من نەمزانی کوڕی ئەو ئاغایەیە ، هێشتوومەتەوە، بەڵام نەخشەکە واکەوتووە قەبری منداڵەکە لە بن ئەو دیوارەدایە. من بۆوەی قەبرەکە نەفەوتێ تاقێکم لە سەر لێداوە. ئێلخانی زۆر ناڕەحەت دەبێ ، دەڵێ خودا بە زیندوویی نەیدامێ، بە مردوویيش گومبەزەکەی بۆ هەڵنەکەوت. لێی گەڕێن گومبەزەکە تەواو کا. ئێستاش لە لای باشووری گومبەزەکە دەبن دیوارەکەدا تاقێک لێدراوە. ئەوە قەبری قاسمی کوڕی ئێلخانیە. با لێرە ڕوونکردنەوەیەک بنووسم:

دەنێو بنەماڵەی ئێمەدا دوو ئێلخانی هەبوون . هەردووکیشیان برای دایک و بابی بوون. براگەورە محەمەدئاغا بووە . براچکۆڵە ئەحمەداغا، ناسناوی ئێلخانی بووە. دە ڕۆژگاری خۆیدا هەمووکەس بە ئێلخانی نێودێریان کردووە. کاتێک ئەحمەداغا لە تاران لە زینداندا فەوتی کردووە محەمەداغای برای بە ئێلخانی ناودێر کراوە، لەویبەولاوە پێیان گوتووە حاجی ئێلخانی. ئەو حاجی ئێلخانیە(محەمەداغا) سێ

کوڕی بووە. مەحموداغا ، حاجی بایزاغا و عەلیاغا. ئێمە بە تایەفەی حاجی ئێلخانی بە نێوبانگین. کە کوتمان ئێلخانی مەنزوور ئەحمەداغایە. کاتێک حاجیەکەی دەگەڵ کوترا مەنزوور محەمەداغایە.

دوای چەندساڵان چەند کەسی دیکە لە نێو گومبەزەکەدا نێژراون:

١، حۆریزادخانم ژنی عەزیزخانی سەردار، دایکی فاتمەخانم. با ئەوەش بڵێم وەک سوغرا خانم (دایە خانم) دەیکوت، سەیفەدین خان لەو حۆریزادخانمە نەبووە. دایکی سەیفەدین خان ، ئومی خانم بووە، مەشهوور بە خانم تیلەکۆیی. گومبەزی سەرمەزاری ئەو ئومی خانمە لە بۆکان بوو. رووخابوو تەنیا دیوارەکانی مابوو. لە لاشانی لای رۆژهەڵاتی خەیابانی سەقز بوو. ئێستا لەو جێگایە خانوویەکیان لێ دروست کردووە بۆ بیهداری.

٢، فاتمە خانم کچی عەزیزخانی سەردار و ژنی ئەحمەداغای ئێلخانی . ئەو فاتمە خانمە کوڕی نەبووە سێ کچی لە پاش بە جێماون. مەرزیە خانم ژنی حاجی بایزاغا، زبێدەخانم ژنی عەلیاغا، عەزیمە خانم ژنی حەمەدەمین بەگی نۆبار و دایکی رەشیداغای نۆبار .

٣، گوڵاویاغای شەهیدکوڕی گوڵاویاغای گەورە. کە دەبێتە نەوەی مارفاغای دێبوکری لە شەڕی هەوەڵی گەورەی دنیایەدا لەگەڵ عورووسان بە شەڕ هاتووە، لە گوندی دونگوز و چاوەرچین شەهید بووە ، تەرمەکەیان هێناوەتەوە حەمامیان و لە نێو گومبەزەکەدا نێژراوە.

٤، حاجی ئێلخانی (محەمەداغا) بابی مەحموداغا، لە گوندی شێخلەر فەوتی کردووە و هێناویانەتەوە ئەو گومبەزە ناشتوویانە. کێلەکانی مەزاری حاجی ئێلخانی زۆرنایاب و جوانن. ئەو بەردە مەڕمەڕانە وەک دەیانگێڕاوە لە نزیک گۆلی ورمێ را هێناویانە. گۆیا کانگای بەردی مەڕمەڕی واروون لە نزیک گوندی قەرەقشلاغی شاروێران هەیە ، لەوێ هەڵیانکەندوون ، مەحموداغا ناردوویە بۆیان ساز کردووە ، لە شاروێران را بە کەڵ و عەڕابە هێناویانە. لە سەر عەڕابەکە بەڵمی چەڵتووکیان راختستووە بۆ وەی دەجووڵانەوەدا نەشکێن. لە شاروێران کەڵ و عەڕابەی خزمان کۆ دەکاتەوە، دێ بە دێ دەیهێنن بەرەو حەمامیان. کە بەردەکان دەگەنە حەمامیان وەستا عەلی حەججار کە کۆڵەکەی مزگەوتی جامیعی بۆکانیش ئەو تاشیویە ، دەی هێنن دەست بە تاشینی بەردەکان دەکا و مەلا ئەمجەدی قەڵا کە خەت خۆش و دۆستی نزیکی ماڵە مەحموداغا بووە دەیهێنن بۆ نووسین . حاجی بایزاغا ئینشاکەی نووسیوە.

٥، قەبری مەحموداغا ، کاتێک دەرگای ژووری گومبەزەکە دەکەیەوە دوو قەبر لە لای راست و چەپ هەن ، ئەوی لای راست ئی حاجی ئێلخانیە . ئەوی لای چەپ ئی مەحموداغایە. وەختی نووسینی کێلەکانی مەزاری مەحموداغا مەلا ئەمجەدی قەڵا بۆخۆی هات کوتی مەحموداغا زۆری چاکە بۆ من بووە ، بۆخۆم کێلە کانی دەنووسم.

گومبەزەکە دوو دیون، یەکی پێشێ وەک پێشخانە و ئەو دیوەی پێشێ زەمانی مەحموداغا تەنیا سەیزادە مریەمی دایکی مەحموداغای لێ نێژرابوو(١) ، لە دوایە عەوڵاغای کوڕی مەحموداغاشیان لە نزیک سەیدزادە ناشت. ئێستا دەڵێن قەبری دیکەشی لێیە ، من نەمدیتووە.

٦، قەبری هەیوانەکان:

لای باکوور یەکەم عەلیاغای حاجی ئێلخانی، دووهەم ، زبێدە خانم ژنی عەلیاغا ، سێهەم، کاک وسێن کوڕی عەلیاغا ، چوارم ئایشە خانم کچی حاجی ئێلخانی ، خوشکی مەحمووداغا و دایکی حەمیدییەکان یانی ژنی سڵەماناغای حەمیدی . لە دوای ئەویش کەریماغا کوڕی حاجی بایزاغا نێژراوە.

٧، هەیوانی باشوور کە دەبێتە هەیوانی لای قیبلە ، لە گۆشەکە قەبری سوغراخانم ژنی مەحمووداغا و کچی سەیفەدین خانی سەردار ، بۆخۆی وەسیەتی کرد لەوێ بینێژن بەرەو بۆکان و گومبەزی بۆکان ، لە پاش ئەویش قەبری عیشرەت خانم ژنی برایماغا و کچی حەمەحۆسێنخانی سەردار، هەروەها برایماغای کوڕی مەحمووداغای لێیە.

٨، لە دەوروبەری گومبەزەکە ئەوانەی من دیتوومن:

حاجی بایزاغای کوڕی حاجی ئێلخانی ، مەرزێ خانم ژنی حاجی بایزاغا، ڕەزیەخانمی دایکم ژنی حاجی سمایلاغا، عالیە خاتون کچی قازیی بۆکان و ژنی عەولاغای ئێلخانیزادە، کاک سوارەی(شاعیر) کوڕی ئەحمەداغا، ئەحمەداغای کوڕی حاجی بایزاغا، قاسماغا، حاجی رەحماناغا، سڵەماناغای حەمیدی، نزاکت خانمی کچی عەلیاغاو ژنی قاسماغا، شەوکوت خانمی کچی عەلیاغا و ژنی حاجی حەمەدەميناغا، حاجی حەمەدەميناغا، مارفاغای کوڕی مەحمووداغا و چەند کەسی دیکە.

٩، لەلای باشووریش خالیدی کوڕی من(تایرئێلخانیزادە)، کاک محەمەدی کوڕی حاجی سمایلاغا، حاجی سمایلاغا، سەڵمان کوڕی حاجی سمایلاغا .

ئێستا دەڵێن کاک هەمزەی کوڕی مارفاغا گومبەزەکەی تەعمیر کردۆتەوە و لە نزیک گومبەزەکەش مزگەوتێکی دروست کردووە.

ئەحمەداغای ئێلخانی پیاوێکی زۆر دەستڕۆیشتووی سیاسی و وریا بووە. بە هۆی ئەو لێهاتووییەوە کردوویانەتە قەییومی سەغیرەکانی سەیفەدینخان. هەڵبەت ژنەکەشی خوشکی سەیفەدینخان بووە. سەغیری سەیفەدینخان کوڕێک و سێ کچ بوون. شاری بۆکان و نزیک تا دوازدە دێی دەوروبەری بۆکان ئی وان بووە. لە تەورێز و میاندواویش مڵکی زۆریان بووە. نزیک پازدەساڵ ئەو هەموو مڵکە لە بەر دەستی ئێلخانی دا بووە تا حەمەحۆسێنخانی سەردار گەیوەتە تەمەنی لاوی . دەوساڵانەدا کە ئەو هەموو مڵکەی بە دەست بووە عەشایر زۆری تێهاڵاون و هانیان داوە بۆ هەڵایساندنی شۆڕشێک بەڵکوو کورد ڕزگار بکەن . ئێلخانیش لە پێش هەموو شتێکدا لەگەڵ بەدرخانیەکانی جزیرە و بۆتان پێوەندی دەگرێ و پێیان رادەگەیەنێ ئەوان لە وڵاتی عوسمانی و ئەویش لە وڵاتی قاجاران یەک بگرن بەڵکوو بتوانن دەوڵەتێکی کوردی بنیات بنێن. بەدرخانیەکان دەڵێن زۆر کارێکی باشە و تۆ لە پێشدا کوردەکانی ئێران هەموو بانگ کە ئیتحادێکیان پێ بکە. ئێلخانیش بۆوەی قاجار تێنەگەن بە بیانووی داوەت بۆ برازایەکی، سەرۆک عەشایری کورد لە لوڕستانەوە تا ماکۆ بانگهێشتن دەکا بۆ گوندی قەرەگوێز ، لە قۆپی قەرەگوێز چادر هەڵدەدەن بۆ ئەو حەشیمەتە و چەند ڕۆژ داوەت و شایی دەگرن و هەموویان یەکدەنگ پشتی پێشنیارەکەی ئێلخانی دەگرن بۆ یەکگرتن و قەرارداد دەبەستن. دەووەختەی دا دوو عەشیرەتی مەنگوڕ و مامەش لێیان دەبێتە کێشە و خەریک دەبن بیکەنە شەڕە تفەگ ، بەڵام خەڵکەکە دەکەونە نێویان و

نایەڵن بە شەڕ بێن. ئەو قرە و هەڵلایە عالەمەکە دڵسارد دەکاتەوە و هەرکام بە ڕێگای خۆیدا دەگەڕێنەوە.

ئێلخانی بە تەنیا خۆی و دێبوکریەکان دەمێننەوە . دەوڵەتی ئێران پێدەزانی کە خەریکی کارێکی وابووە ، دەکەوێتە پێ و شوێنی و هەڕەشە و گوڕەشەی لێدەکەن. تا شەش مانگ لە دێهات و دوور لە شار و لە شاخە بڵیندەکان خۆی دەپارێزێ . لە پاشان نوێنەری دەوڵەت لە تەورێزێ را دێن و قەول و قەراری لەگەڵ دەکەن بێتەوە ماڵی خۆی و کەس باسی ناکا. ئەویش دەگەڕێتەوە حەمامیان و پاش قەدەرێک لە تاران را بانگهێشتنی دەکەن پچێتە تاران و شای قاجار ببینێ و تەواو لێی خۆش دەبن. قورعانێکیشی بە ئیمزای شا بۆ دێنن کە ئەمنیەتی تەواوی دەبێ. خزم و دۆست وا بە باش دەزانن پچێتە تاران. لە دواییدا بە دوورو درێژی باسی ئەو چوونە تارانە و گرتن و زیندانی کردنی وەک مەحموداغا دەیگێڕاوە دەینووسم. هەر دەگاتێ دەیانگرن و دەزیندانیان دەکەن تا ئەو ساڵەی نەخۆشی تاعوون لە تارانێ بڵاو دەبێتەوە. خەڵک لە ترسی نەخۆشی شار چۆڵ دەکەن. شا دەڕواتە شیمالی ئێران و زیندان دەرگای دەکرێتەوە . دێبوکریەکان لە زیندان دێنە دەر و بە کاروانچیاندا رادەسپێرنە موکوریان ئەسپیان بۆ بنێرن، وەسیلە نەبووە پێی بێنەوە . نەخۆشی مۆڵەتیان نادا ، زۆریان دەمرن. ئێلخانی یەک لەوان بووە کە لە تاران مردووە. دەڵێن لە قەبرستانی (ابن بابویە) نێژراوە . زۆر گەڕاون قەبرەکەی نەبیندراوەتەوە.

ئێلخانی کاتێک دەڕوا بۆ تاران حاجی بایزاغای برازای لەگەڵ خۆی دەبا، مەحموداغاش کە برازای بووە، ماڵ و مڵکی خۆی هەموو پێدەسپێرێ . هەواڵی مەرگی ئێلخانی دەگاتەوە موکوریان. هەردەوسەروبەندەشدا قادراغای ئێندرقاش کە سەرۆکی دێبوکریان بووە ، مردووە. کوڕانی قادراغا نەیانتوانیوە جێگای بابیان پڕ کەنەوە. مڵک و ماڵیشی بەرەبەرە لە دەست چووە . سەرانی دێبوکری کۆ دەبنەوە و یەکدەنگ حاجی ئێلخانی براگەورەی ئەحمەداغای ئێلخانی دەکەنە رەئیسی دێبوکریان (٢) و لەوەبەولاوە بە حاجی ئێلخانی نێودێرکراوە چونکە حاجیش بووە. ماڵ و مڵکی ئەحمەداغای ئێلخانی بۆتە ئ مەحموداغا و حەمامیانی کەوتۆتە دەست. وەک بۆخۆی دەیکوت پێش دروست کردنی خانوو بۆخۆی مزگەوتێکی گەورە لە حەمامیان دروست دەکا . میعماری لە ئیسفەهان را هێناوە. دەیکوت خەندەکی زۆر قووڵ بووە . چونکە جێگەکەی نەرمان بووە پاش دوو گەز گەیشتۆتە ئاو. هێندیان قووڵ کردووە سێ نێردیوانیان لێک بەستووە تا گەیشتۆتە عەرزی پتەو. ئەوجار لەوێرا بە قوڕ و قسڵ و وردەبەرد پڕیان کردۆتەوە. بەردو قسڵ و خیز و گڵ تێکەڵی دەکەن و دە خەندەکەکەی دەکەن ، پێیان کوتووە شۆرباورێژ. دەنێو ئاوەکەدا تێکەڵیان دەکەن و لێکی دەدەن وەک چۆن شۆرباو لە قاپ دا تێکەڵ دەبێ، تا ئاوەکە ویشک دەبێ و خەندەک پڕ دەبێتەوە ، جا ئەوجار دیواری لە سەر دادەنێن. پاش بڵیندبوونی دیوارەکان بە یەک تاق وێک هاتوونەوە . هەموو دیوارەکان و میچەکەی گەچ بڕی کراوە. زۆر جوان بە نەقاشی رەنگاوڕەنگ رازاوەتەوە. مزگەوتی وا لە کوردستاندا نییە.

پەڕاوێز

١، سەیدزادە مریەم دایکی مەحموداغا کچی حاجی سەیدبایز لە بنەماڵەی مەلا جامییە. مزگەوتی حاجی سەیدبایز لە مهاباد بە نێوی ئەو پیاوچاکە نێودێر کراوە. لە کاتی خنکاندنی هەباساغای دێبوکری بە

فەرمانی میری موکوریان عەوڵاخانی موکری، حاجی سەید بایز تکای بۆ باقی بنەماڵەی هەباساغا کردووە و لە کوژران نەجاتی داون.

٢ ، پێش ئەوەی بنەماڵەی حاجی ئێلخانی ئەرکی سەرۆکایەتیی عەشیرەتی دێبۆکرییان بکەوێتە ئەستۆ، قادراغای کوڕی هەباساغای دێبۆکری رەییسی دێبۆکرییان بووە . هەباساغا بە دەستی عەوڵاغای موکری کوژراوە. قادراغای کوڕی هەباساغای دێبۆکری بە قادراغای ئیندرقاش بە نێو بانگە. دەگەڵ قادراغای کوڕی کەریماغای قونقەڵا کە شۆرەتیان کەریمیە فەرقی هەیە. دوو کەسایەتی جیاوازن. نابێ ئەوە تێکەڵ بکرێ. لە نێو دێبۆکرییاندا ریاسەتی عێل مەورووسی نەبووە و بە گوێرەی تەمەن و براگەورەییش نەبووە. بە هەڵبژاردن بووە.

وەرگیراو لە کتێبی : ئاوڕێک لە موکریان ، بیرەوەرییەکانم . نووسینی کاک تایری ئێلخانیزادە